# هاوینان دەرمان لە کوردستاندا کارناکات

## بە هۆی دانەنانی دەرمان لە پلەیەکی گەرمی گونجاودا کاریگەری کەمدەبێتەوە

راپۆرتی ئیماعیل عوسمان
فۆتۆ: ئیسماعیل






● بەختیار کەمال، ٢٧ساڵ، لە یەکێك لە دەرمانخانەکانیدا وەستابوو، مقەبای دەرمانێکی پێبوو پیشانی خاوەن دەرمانخانەکەی دەدا، بۆ ئەوەی لەو جۆرە دەرمانەی بداتێ، ئاماژەیدا بەوەی دا کە ماوەی دوو ساڵە بە بەردەوامی دەرمانی( بەخاخ) بۆ هەناسە توندی بەکاردەهنێت،بەختیار وتی: "بەکارهێنانی ئەم دەرمانە چارەسەر نییە، بەڵام بووەتە حاڵەتێکی دەروونی، هەرچەندە دکتۆرەکان ڕێگیربوون لە بەکارهێنانی بە شێوەیەکی درێژخایەن ، بەڵام ناچارم کە بەبەردەوامی بەکاربهێنم".

دەرمان، بە یەکێك لە هۆکارەکانی چاکبوونەوەی هەمووی مرۆڤێکی نەخۆش دەزانرێت، بەڵام ڕادەی چالاکی ئەو دەرمانە پەیوەندی بە بڕی ئەومادە کیمیاویانە هەیە کە دەکرێت ناو دەرمانەکە، بوونی ئەو مەرجانەش کە پێویستە لە هەڵگرتنی دەرمانەکەدا هەبێت، لەوانەش پلەی گەرمی، ڕادەی شێ، تیشکی خۆر ئەو ژینگەش کە دەرمانەکەی تێدا هەڵدەگیرێ...

لە کوردستان بەهۆی جێگر نەبوونی پلەی گەرمی گونجاو لە دەرمانخانەکاندا، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمی لە وەرزی هاویندا، ڕێژەی چالاکی ئەومادە کیمیاویانەی کە لە ناو دەرمان دا هەیە کەم دەبێتەوە، ئەوەش کاریگەری دەبێت لە سەر تەندروستی نەخۆشەکە، وەزیری تەندروستیش خۆی بە بێدەسەڵات دەزانێت بەرانبەر ئەو کێشەیە.

زۆرێك لەو دەرمانانەی کە ئێستا لە کوردستاندا هەیە پێویستە لە خوار ٢٥ پلەی سەدی هەڵبگیرێت، هەندێك لە دەرمانە هۆرمۆنییەکانیش لەخوار ٨ پلەی سەدی بێت.

د. ئەژی عەبدوڕەحمان، پسپۆڕی دەرمانسازی لە دەرمانخانەی پەیمان، ئاماژەی بەوەدا کە دەرمان لە کوردستاندا بە شێوازێکی ناتەندروست هەڵدەگیرێت، بەهۆی نەبوونی پلەی گەرمی گونجاو، وتی "ئەو دەرمانەی کە بەرواری دەرچوون و ئیکسپاریەر بوون لەسەر نووسراوە، بەپێی ئەو پلە گەرمییەی کە بۆی دیاریکراوە تا ئەو کاتە کار دەکات، بەڵام ناتەندروستی لە هەڵگرتنیدا ناتوانیت نەخۆش دڵنیا بکەمەوە لەوەی کە لەسەدا سەد کار دەکات".

هەڵنەگرتنی ئەو دەرمانە لە پلەی گەرمی گونجاودا کار لە کەمکردنەوەی چالاکی ئەو

دەرمانانە (action medication)دەکات، کە ناتوانێت کاری گونجاوی خۆی بکات و ڕێژەی کارکردنی ئەو دەرمانانە نزم دەبێتەوە بۆ ٨٠٪ – ٩٠٪ ، ئەمەش بەپێی وتەی پسپۆڕانی دەرمانسازی.

پسپۆڕان دەرمانسازی هۆکارێکی دیکە بۆ ئەوە دەگێڕنەوە کە کوالێتی کۆنترۆڵ لە کوردستاندا نییە، بڕی ئەو مادە کیمیاوییە کە لەسەر دەرمانەکان دەنووسرێت، نازانرێت تا چەند چوون یەکە لە گەڵ ئەو بڕە کە کراوەتە ناو دەرمانەکە، ئەوەش کاریگەری لەسەر دەرەنگ چاکبوونەوەی نەخۆشەکە دەکات.

د. ئەژی ئەوەشی خستەڕوو کە لەهاتنە ناوەوەی دەرمان تا کۆتایی کەخواردنیەتی بە سیستەمێکی هەڵەدا تێدەپەڕێت، ئەویش بەهۆی نەبوونی کوالێتی کۆنترۆڵ و هۆشیاری تەندروستی و نەبوونی ئامێری پێشکەوتوو لە دەرمانخانەکاندا بۆ هەڵگرتنییان.

پێش نووسینی هەر دەرمانێك بۆ نەخۆش پێویستە (culture sensitivity) بۆ بکرێت، بۆ دڵنیابوون لەجۆری ئەو دەرمانە کە نەخۆش سوودی لێوەردەگرێت، ، بەڵام لە ئێستا دکتۆرەکان لە کوردستاندا گوێ بەو ڕێنماییانە نادەن، ئەوەش بە هۆکارێکی دیکە دادەنرێت لەسەر کەمکردنەوەی کاریگەری دەرمان.

د. تاهیرعومەر عەبدوڕەحمان، پسپۆڕی دەرمانسازی ئاماژەی بەوەدا کە پێویستە دەرمان پلەی گەرمی و شێی پارێزراوبێت، بەڵام ئەو دەرمانەی کە لە پلەی گەرمی بەرزدا دادەنرێت دەبێتە هۆی کەمبوونەوە چالاکی دەرمانەکە، " لەکوردستاندا کەمتر مەرجی هەڵگرتنی دەرمان لەبەرچاو دەگیرێت، بەهۆی نەبوونی سیستەمێکی گونجاو"

ناوبراو تەئکیدی لەوە کردەوە نەبوونی کوالێتی کۆنترۆڵ هۆیەکی سەرەکییە بۆ هاتنە ناوەوەی زۆرترین ڕێژەی دەرمان، کەنازانرێت بڕی ئەو مادەکیمیاویانەی کە لە دەرمانەکاندا هەن تا چەند گونجاوە و کاریگەری لەسەر تەندروستی نەخۆشەکە هەیە.

لە بەدواداچوونە ڕۆژنامەوانییەکەی لڤیندا ، هەموو ئەو دەرمانخانەی کە سەردانمان کرد گەرمی پێوی تێدا نەبوو، تا بزانرێت پلەی گەرمی ئەو دەرمانخانانە چەندە، زۆرێك لەودەرمانخانەکان پانکەیەك یان موبەریدەی تێدا بوو بۆ فێنك کردنەوەی، لە کاتێکدا بەبێ مەرجی تەندروستی پێویستە سپلێتی تێدا بێت، بەشێك لە دەرمانەکانیان لەسەر زەوی و لەناو ڕەفەدا دانرابوون.

لە شاری سلێمانی ١٠ کۆگای هەڵگرتن و دابەشکردنی دەرمان و زیاتر لە ٦٠ دەرمانخانەی مۆڵەتپێدراو هەیە کە ئەهلین.

بە هۆی نەبوونی سیستەمی کارەبای گونجاویش لە ناو کۆگاکاندا، ناتوانێت ڕێژەی پلەی گەرمی لە خواروو ٢٥ پلەی سەدی ڕابگیرێت، ئەمەش بە پێی وتەی زۆرێك لەو دەرمانخانەی کە سەردانمان کردن.

ئەسکەندەر کەیخەسرەوە، یاریدەدەری پزیشکی لە کۆگای دەرمانی جوان، هێمای بۆ ئەوە کرد کە بەرزبوونەوەی پلەی گەرما زیاتر ٢٥پلەی سەدی ، ٣٠٪ کاریگەری دەبێت لەسەر کەمکردنەوەی کاریگەری دەرمان لەسەر نەخۆش. ناوبراو ئەوەشی ڕاگەیاند: ئەو دەرمانەی کە لە چین و هیندەوە دێن لە پلەی گەرمیی گونجاو هەڵناگیرێن، چونکە هەندێك جار زیاتر لە دوو مانگ ئەو دەرمانانە لە بارهەڵگرەکانی ناو ئاودا دەمێنێتەوە، بەڵام ئەو دەرمانانەی لە وڵاتانی ئەورووپاوە دێت مەرجی هەڵگرتنیان باشترە.

د. سازگار عەلی ڕەشید، لە کۆگای دەرمانی سازگار، ماوەی بیست و سێ ساڵە کاری دەرمانسازی دەکات، تەئکیدی لەوە کردەوە کە هەڵگرتنی دەرمان (١٥ – ٢٥)پلەی سەدی زیاتر بێت، ئەوا کاریگەری دەرمانەکە دادەبەزێت و ڕەنگی ئەو دەرمانەش دەگۆڕێت.

پسپۆڕان ئاماژە بەوە دەکەن کە دەرمان لە وەرزی هاویندا کەمترین کار دەکات، بەهۆی نەبوونی پلەی گەرمی گونجاوەوە لە هەڵگرتنیدا، بەڵام کەش و هەوای وەرزەکانی تری ساڵ زۆر کاریگەری نابێت لەسەر دەرمانەکان.

عەبدوڵڵا ئەحمەد، ٣٥ ساڵ یاریدەدەری پزیشکی، خاوەنی دەرمانخانەی سۆما، وتی: "ئەگەرپلەی گەرمی بەورێژەیە کاریگەری هەبێت، هیچ دەرمانێك لە کوردستان و عیراقدا کار ناکات"، ناوبراو تیشکی خۆریشی



بەهۆکارێکی تری گرنگ زانی بۆ سەر کەمکردنەوەی کاری دەرمان.
د. یادگار ئەحمەد، ٢٥ ساڵ دەرمانسازی پلەبەند، ئەوەی خستەڕوو کە ئەگەر پلەی گەرمی گونجاو هەبێت لە هەڵگرتنی دەرمان (مەرجی خەزنکردن) ئەوا دوای چەند مانگێك لە بەسەرچوونی ئەو دەرمانە دەتوانرێت بەکار بهێنرێت.
ناوبراو بڕوای وابوو کە ناتوانێت زەمینەیەکی وا دروست بکرێت لە دەرمانخانەکاندا کە

کێشەی هەڵگرتنی دەرمان تەنها لە دەرمانخانە ئەهلییەکاندا نییە، بەڵکو زۆرێك لە نەخۆشخانە حکومیەکانیش بەدەست ئەو کێشەیەوە دەناڵێنن.
هێرش کە نەیویست ناوی تەواوی خۆی بڵێین، یاریدەدەری پزیشکی بوو لە یەکێك لە بنکەکانی تەندروستی، وتی: "بنکە بچووکەکان هیچ ئامێرێکی فێنك کەرەوەیان تێدا نییە، زۆر لە دەرمانەکان نزیك بەسەرچوون وەردەگیرێن ، ئەوەش کاریگەری دەبێت لەسەر نەخۆش".

بونی ئامێری ساردکەرەوە.
د. زریان عوسمان، وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ لڤین بەدڵنیایەوە لەو کێشەیەی دەڕوانی کە پلەی گەرمی کار دەکاتە سەر دەرمان، وتی " ناتوانین ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین".
وەزیری تەندروستی ، وتی "ئێمە کۆگا گەورەکانی دەرمان و نەخۆشخانە گشتییەکان، هەندێك لە بنکە تەندروستییەکان توانیویانە کێشەی کارەبا لە ڕێگای مۆلیدەوە چارەسەر



بەردەوام ٢٥پلەی سەدی بێت، ئەو ئامێرە فێنك کەرەوە بچوکەکان تارادەیەك دەتوانێت ئەو پلەی گەرمیە نزیك بکاتەوە لە ٢٥ پلە.
ناوبراو هۆکارێکی دیکەی کەمی کاری دەرمانی گەڕاندەوە بۆ کۆمپانیاکانی دروستکردنی دەرمان کە جێی متمانە نین ، وتی: "کۆمپانیای هیندی مافیا دروستی دەکەن، ئەگەر کوالێتی کۆنتڕۆڵ وەربگرێت زۆر جیاواز دەبێت لەوەی لەسەری نووسراوە "، جەختی لەوەش کردەوە کە ئەوان بەرپرسیار نین لە هاتنە ناوەوەی ئەو دەرمانانە بۆ کوردستان.

د. هەردی تاهیر عوسمان، لێپرسراوی بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی دەرمانی هەرێم لە سلێمانی، بڕوای وابوو کە پلەی گەرمی نەگونجاو، کاری ئەو دەرمانانە ڕێژەی ١٠٪ زیاتر دادەبەزێنێت.
جەختی لەوەش کردەوە کە نەبوونی پلەی گەرمی گونجاولە هەڵگرتنی دەرمان زیاتر لە نەخۆشخانەکاندایە، کەمتر لە کۆگاکانی دابەشکردنی دەرماندا هەیە .
د. هەردی ئاماژەی بەوەش دا کە بە دواداچوونیان دەبێت لەسەر ئەو دەمانخانانەی کە مەرجی تەندروستیان تێدا نیە، لەوانەش

بکەن، بۆ ئەوەی کە هەڵگرتنی دەرمان گونجاوبێت، بەڵام لە کۆگا ئەهلییەکان زیاتر ئەو کێشەیە هەیە "
دەربارەی کوالێتی کۆنتڕۆڵ د. زریان وتی: "لە چەند مانگی ئایندەدا دەست بەکار دەبێت، چەند کارمەندێکمان ناردووەتە دەرەوە بۆ بینینی دەورەی تایبەت لەو بوارەدا".
ئەوەش بە پشتڕاست نەکراو زانی کە هەندێك کۆمپانیای دەرمان پارەیان دابێت بۆ دەرچوونی بەرهەمەکانیان لە کوالێتی کۆنتڕۆڵدا، ووتی " شتی لەو جۆرە نییە."